# ئەمڕۆ جەماوەری چەمچەماڵ بۆ دابینکردنی ئاووکارەباو بەنزین، خۆپیشاندانیان سازدا!

ئەمڕۆ خەڵکی چەمچەماڵ بە بەشداریکردنی زیاتر لە 3 هەزار کەس لە خۆپیشانداندا، پەیوەست بون بە قافڵەی شارو شاروچکە ناڕازییەکانی دیکەی کوردستانەوە. ئەمڕۆ خوێنی خەڵکی ناڕازیو تورەی ئەمشارەی گەرمیان تێکەڵ بوو بە خوێنی قوربانیانیو بریندارەکانی هەڵەبجەی کوێستان. لەهەموو خۆپیشاندانەکانی ساڵی 1983 کە خەڵکی کوردستان لە زانکۆو شارە گەورەکانی کوردستان دژ بە بەعس ئەنجامیدا بە قەد نیوەی خوێن ڕژانێك نەبوو کە سەرکردایەتیو حزبە سوشیال دیموکراتەکەی بزوتنەوەی کوردایەتی رشتیویەتی دژ بەوخەڵکەی کە ئیدعای "نوێنەرایەتی"و "پاراستنی بەرژەوەندییەکە"ی دەکات. خوێنی خەڵکی کوردستان بەعس بیرێژێت یان یەکێتی نیشتمانی هەر خوێنرشتنە هەر سەرکوتە، هەر دژ بە ئازادی سیاسیو ئازادی خۆپیشاندانو ئازادی بیورایە، هەر دوژمنایەتیکردنی خەڵکی کوردستانو بەرژەوەندییەکانیەتی. لە چەمچەمال 3 کەس بریندار بوون، ئەمجارە بیانو "پاسەوانی " بەنزینخانەیە. لە تاسلوجە بیانوی بریندارکردنی 13 کرێکار "کۆمپانیای عەسکەری" خاوەن فایل بوو. لەهەڵەبجە بیانوو "تیرۆریزم! "بوو بەلام هەرزوو خۆیان "تیرۆریست!!"ەکانیان ئازاد کرد.
خەڵکی چەمچەمال ئاوو کارەباو سوتەمەنی دەوێت. دابینکردنی ئاووکارەبا بۆ خەڵکی کوردستان برە پارەیەکی زۆری ناوێت، بەڵام گەندەڵیو هەلئاساونی ئەم دەسەلاتە بەڕادەیەك گەیتشوە کە ئامادە نیە یەك پول بۆ خەڵکی کوردستان سەرف بکات. تەواوی پارەو پولی کەڵەکەبووی چەندسالەی بریاری 986و پارەو پولی گومرگەکانی کوردستانو پاروپولی زەریبەی ئاووکارەباو تەلەفۆنو هاتوچوو عقاریو دەخلو...چەندین سەرانەی چۆراوجۆی تر، ئەوە هەر هەمووی لوشدراوەو چۆتە قوڕگی گەندەلچیو فایلچیەکانی دەسەلاتەوە. ئەوبڕە پارەیەی کە لەدوای روخانی بەعییشەوە تەرخانکراوە بۆ کوردستان جگە لە موچەکەی کە ئیٚی دەدرێت باقیەکەی کەس نازانێت چۆن سەرفدەکرێتو دەچێتە قورگی کێەوە.

## جەماوەری ناڕازی چەمچەمال!

تەقەکردنەکانی تفەنگچیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئێوە بە توندی ئیدانە دەکەینو هیوای چاکبونەوەو تەندروستی باش بۆ بریندارەکان دەخوازین. لەهەمانکاتدا پێویستە تەواوی ئەو کەسانەی کە لە کفریو لە چەمچەماڵ بەهۆی خۆپیشاندانەوە کراونەتەوە سەکوتخانەکانی ئاسایشەوە بەزوترین کاتو بێقەیدو شەرت ئازاد بکرێن. ئێوەو جەماوەری ناڕازی کفریو هەڵەبجەو چوارقورنەو ڕانیەو گشت شارەکانی کوردستان، هیچ ڕیگایەکی ترتان لە بەردەمدا نەماوە بۆ گەیشتن بە داوکانتان تەنها خۆ ڕێکخستنو یەکگرتوکردنی هێزی ناڕازی خۆتان نەبێت. دابینکردنی ئاوو کارەباو بەنزینو زیادکردنی موچەو دەستەبەرکردنی ئازادی بیوراو خۆپیشاندانو مانگرتنو تەواوی مافە مەدەنیو فەردییەکانتان لەگرەوی خۆ ریکخستنو یەکگرتوبونتاندایە. حزبەکەتان، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بیٚ درێغ لە پێناو گەیشتن بەتەواوی ئاواتو ئامانجەکانتاندا خەبات دەکات.

**بژی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان دژ بەگەندەڵیو بۆ دابینکردنی کارەباو بەنزینو زیادکردنی موچە...**

**ڕیکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/8/6